Twejer - Volume:1 - Issue:1 - 2018
Pages: 265-298
DOI: https://www.doi.org/10.31918/twejer.1811.6
ISSN(Print): 2617-0744
ISSN(Online):2617-0752

# ڕۆڵی هێزی لیڤی لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەسەڵاتی بەریتانیا لە ناوچەی ڕەواندزدا (١٩٢١- ١٩٣٢)

م.ی. فارس لطيف يحيى
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتی ئاداب
Faris.Yahya@soran.edu.iq

م.ی. نعمت علی محمود
زانکۆی سۆران/ فاکەڵتی ئاداب
Niamat.Mahmud@soran.edu.iq

**پوختە**

لە ساڵی ١٩١٥ هێزی لیڤیی عێراقی بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی بەریتانیا لە عێراقدا دامەزرا، هێزەکە لەژێر فەرماندەیی ئەفسەرە بەریتانییەکان بوو و فەرمانی لەوان وەردەگرت. لەسەرەتادا ئەو هێزە پێکهاتبوو لە پێکهاتە سەرەکییەکانی عێراق لە کورد و عەرەب، بەڵام بەتێپەڕبوونی کات بەشداری پێکردنی ئەو پێکهاتانە کەمبووەوە و ئاشوورییەکان بوونە توخمی سەرەکی هێزی لیڤی و ئەرک و مافیشیان گۆڕانی بەسەرداهات.

ئەم توێژینەوەیە (ڕۆڵی هێزی لیڤی لە جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەسەڵاتی بەریتانیا لە ناوچەی ڕەواندزدا (١٩٢١- ١٩٣٢) )، هەوڵێکە بۆ بەدەرخستنی ڕۆڵی ئەو هێزە لە ناوچەی ڕەواندز، کەوا رەواندز ببووە شانۆی ململانێی دەوڵەتی نوێی تورکیا و هێزەکانی بەریتانیا، کەوا هێزەکانی لیڤی رۆڵێکی دیاریان هەبوو لەدەرکردنی ئۆزدەمیر لە رەواندز و دواتر ئەم هێزە ڕۆڵی سەربازی دیاری هەبوو لە ناوچەکەدا. هێزی لیڤی بەشداربوو لە سەرکوتکردنی جوڵانەوە

سیاسییەکانی دژ بە عێراق و دەسەڵاتی بەریتانیا لە  ڕەواندز و دەوروبەری و بەشدارییان کرد لە کۆتایی پێکهێنانی ئەو کێشە کۆمەڵایەتییانەی لە سنوری کارگێڕی ڕەواندزدا هەبوون، دواتر ڕۆڵی ئەم هێزە بەردەوام بوو تاوەکو لەساڵی ١٩٣٢کۆتایی بە ڕۆڵی ئەم هێزە هات.

لەم توێژینەوەیەدا دەر دەکەوێت کەوا دەسەڵاتدارانی ناوچەی ڕەواندز هێزەکانی لیڤییان بەکارهێناوە بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان و کپکردنی هەموو دەنگە نەیارەکان لەلایەن خەڵکی ناوچەکەوە.

وشە کلیلییەکان: (هێزی لیڤی، ڕەواندز، بەریتانییەکان، سەید تەها، ئەحمەد بەگی بەگۆک)

# ڕۆڵی هێزی لیڤی له جێبەجێ کردنی سیاسەتی دەسەڵاتی بەریتانیا لە ناوچەی ڕەواندزدا (١٩٢١- ١٩٣٢)

## پێشەکی

لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانی (1914-1918)، باشوری کوردستان لەلایەن بەریتانیاوە داگیرکرا، قەزای ڕەواندزیش وەکو بەشێک لە باشوری کوردستان کەوتە ژێر داگیرکاری بەریتانیا. لەگەڵ دامەزراندنی حکومەتی کاتی عێراق لە (25 تیشرینی یەکەمی 1920) لەلایەن بەریتانیاوە لە قەزای ڕەواندز یەکەی کارگێری دروست کرا، ئەو یەکە کارگێریەش ڕەنگدانەوەی سیاسەتی حکومەتی عێراقی بوو کە لەلایەن بەریتانیاوە پاڵپشتیدەکرا. بارودۆخی سیاسی ناوچەی ڕەواندز لەوکاتەدا سەخت و نالەبار بوو، چەندین بەریەککەوتنی تێدا ڕوودا، بۆ زاڵ بوون بەسەر ئەو ڕوداوانەوە، هێز سەنگی مەحەک بووە کە دەسەڵاتدارانی عێراقی و خۆجێی پەنایان بۆ بردووە، یەکێک لەو هێزانەی پشتی پێبەستراوە و لەزۆربەی پشێوییەکانی ناوچەی ڕەواندز بەکارهێنراوە هێزی لیڤی بووە، کە زۆربەی پێکهاتەی ئەو هێزە و سەربازەکانی لە ئاشورییەکان بوون. ئەم هێزە لەلایەن بەریتانیاوە دامەزرا بوو بە ئامانجی بەجێهێنانی بەرژەوەندییە سیاسییەکانی بەریتانیا و لەبەرامبەردا ئاشورییەکان کە لە تورکیا دەرکرابوون دەیانویست دەستکەوتی سیاسی و مافە نەتەوەیەکانیان بۆ دابین بکرێت کە لە دامەزراندنی قەوارەیەکی سیاسی تایبەت بە ئاشورییەکان خۆی دەبینییەوە. بەشێک لەو بەریەککەوتن و ململانێیانە مۆرکی

بەرژەوەندیی کەسی و خێڵەکیشی لەخۆگرتبوو، کە دەسەڵات و هێزی دەوڵەتیان بەکارهێناوە تاوەکو بە مەرامە کەسی و سیاسییەکانیان بگەن.

ئەو توێژینەوەیە باس لە ڕۆڵی هێزی لیڤی دەکات لە ڕەواندز کە بەشدار بووە لەو ململانێیە لە نێوان دوو ئاراستەدا، بەرەیەک لەلایەن بەریتانیا و دارودەستەکەی بە هێزی لیڤیشەوە ئاراستە دەکرا، ئەوی تریان لە چەند هۆز و سەرکردە و کەسایەتییەک پێکدەهات گومانی لایەنگری تورکەکانیان لێدەکرا. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵ دراوە خاڵی هاوبەشی نێوان ئەو ڕووداو و ئاراستانە دیاربکرێت و بە ئەنجامێکی باش ڕاستیەکان تۆماربکرێن.

گرنگی ئەو توێژینەوەیە لەوەدایە کە ڕۆڵی هێزی لیڤیی عێراقی لەدوای هاتنی بەریتانیا بۆ ناوچەی ڕەواندز دیاریدەکات کە زۆر کاریگەر بووە لە زاڵبوون بەسەر بارودۆخی سیاسی و سەربازیی ناوچەکە و بەرپرس و فەرمانڕەوایانی عێراق بۆ زاڵبوون بەسەر هەر جموجۆڵێک کە لەدژی دەسەڵاتەوە هەبوبێت لەلایەن نەیارەکانیانەوە لەچەند کردەیەکی پەلاماردانی سەربازیدا بەکاریان هێناون، ئەمەش زۆر کەم لەسەرچاوە مێژوویی و توێژینەوەکاندا باسی لێوەکراوە، یان باسکردنەکان سنوردارن وەکو لە یاداشتەکانی هەندێک لە ئەفسەرەکانی بەریتانیا کە لە ناوچەکەدا ژیاون تەنها بەچەند دێرێک لەناو یاداشت و بیرەوەریەکانیاندا ئەو بارودۆخە باس کراوە لەگەڵ هەندێک پەرتوکی مێژوویی تایبەت بە مێژووی سیاسیی کوردستان لەساڵانی بیستەکان و سییەکاندا بە شێوەی پچڕپچڕ لەو بابەتە دواون. لەلایەکەی تر ئەو ڕوداوانە لەلایەن شایەتحاڵەکانەوە بۆمان ماونەتەوە کە زانیاریی زۆرگرنگ و

وردن و ســـودی زۆریـــان بـــۆ ئەم تـــوێژینەوەیە هەبـــووە. لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە بەڕێبازی زانستی - مێژوویی ئەو زانیارییە مێژووییانە کە خۆی لەململانێ و شەڕ و ناکۆکی لەساڵانی ١٩٢١- ١٩٣٢ لە نـــاوچەی ڕەوانـــدز ڕویـــان داوە، دەبینێـــت، وەک توێژینەوەیەکی مێژوویی تۆمار بکرێت.

**دامەزراندنی هێزی لیڤی لە عێراق**

لەگەڵ ســـەرەتاکانی داگیرکردنـــی عێـــراق لەلایەن هێزەکـــانی بەریتانیـاوە لە سـاڵی (١٩١٤) و دواتـر، بەریتانیـا بـۆ ئەوەی بتوانێت بەرژوەوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی خۆی لەعێراقدا مسۆگەر بکـات، لەڕێگـای خـێڵە عێراقییەکـان هەوڵیـدا سـود لەخەڵکی عێـراق وەربگرێت و بەکاریان بهێنێت بۆ دابین کردنی ئاسایشی ناوخۆی عێـراق، چـونکە بەریتانیـا پێوسـتی بەهاوکـاری هێزێکـی ڕاهێنـراوی نیزامـی سـەربازی و نیمچە سـەربازی لە خەڵکی نـاوچەکە (عێـراق) هەبوو (یاسین، ٢٠١٥: ١١٥).

دوای داگیرکردنـی بەسـرە، هێزەکـانی بەریتانیـا بە ئاراسـتەی باکور لە حوزەیرانی ساڵی (١٩١٥) گەیشتە ناسریە (الحاج،٣٠:١٩٨٥)، یەکێـک لە هەنگاوەکـانی بەریتانیـا لەو نـاوچەیەدا هەوڵـدان بـوو بـۆ دامەزراندن و ڕێکخسـتنی هێزێـک لە عێراقییەکان بەتایبەتی لەنـاوچە خێڵەکییەکـانی (خـالص) کە سـەر بە ناسـریە بـوو، بەم جـۆرە سەرەتاکانی دامەزراندنی هێزی لیڤی لە عێراق لەساڵی(١٩١٥) لەسەر دەستی مێجەر ئایدی (J.I.edie)دامەزرا، کە ئەفسـەرێکی هەواڵگری سـوپای هنـدی- بەریتـانی بـوو (بـراون، ٢٠٠٦: ١٥). ژمـارەی ئەو عەرەبانەی کە بۆ یەکەم جار بەشدارییان لەدامەزراندنی ئەو هێزە

کرد نزیکەی (٤٠) کەس بوون، بەناوی سوارەی مونتەفیک (الخیالة منتفک) (یاسین، ٢٠١٥: ١١٥)، کە خەڵکی ناسریە و ناوچەکانی فوڕات بوون و لەژێر فەرمان و ڕاسپاردەکانی ئەفسەرانی بەریتانیا بوون و هەر لەلایەن ئەو ئەفسەرانە ئاراستە دەکران (احمد، ١٩٨٧: ٣٧). دوای پەرەسەندنە سیاسی و سەربازییەکانی ناوچەکە ژمارەیان بەرزدەبێتەوە لە (٤٠) کەسەوە بۆ (٦٠) کەس و پێیان دەوترا پێشەنگی عەرەبی (الکشافة العرب)، سەرەتای رەفتارکردن لەگەڵ ئەو هێزە لەسەر بنەمای کاری هەواڵگری و پاراستنی هێڵی گواستنەوە و چەند کارێکی جۆراوجۆریان لە ئەستۆ بووە، بەجل و بەرگ و ئەسپ و چەک و تەقەمەنی خۆیان بەکارهێناوە و شوێنی حەوانەوەیان و ئاژەڵەکانیان بەخۆیان دابینکردووە، پێکهێنانی ئەو هێزە بنەچەی یەکەمی هێزی لیڤی بووە کە ناوەکەی دەگۆڕدرێت بۆ هێزی لیڤی فوڕاتی پێنجەم (یاسین، ٢٠١٥: ١١٥-١١٦). لە ئاداری ١٩١٦ هێزێکی تر لەسەردەستی پێشەنگ هاملتن لە ناسریە بەناوی پارێزەری سیاسی(الحرس السیاسي) پێکهات، کە ژمارەیان (٦٠) کەس بوون. لە حوزەیرانی ١٩١٦ پاسەوانی سوارەی ناسریە (حرس السیاسي الناسرية) لەئەنجامی تێکەڵکردنی هەردوو هێزی پێشەنگی عەرەب و پاسەوانانی سیاسی پێکهات، و لەکۆتایی ساڵی ١٩١٨ ناوی ئەو هێزە کرایە شەبانە (الشبانة) کە لە سەردەمی عوسمانییەکاندا بەکاردەهات. لە مانگی تەموزی ١٩١٩ ناوی شەبانە بۆ هێزی لیڤی جێگیر کرا (براون، ٢٠٠٦: ١٦- ١٨). ئەو هێزە بچووکە بەتێپەر بوونی کات بەشێوەیەکی بەرچاو هەنگاوی نا بەرەو فراوان بوون و پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینی و لە یەکەیەکی نارێکخراوەوە بوو بە هێزێکی بەسیستەمکراوی ڕاهێنراو و ژمارەیان لە ساڵی (١٩٢٢)ەوە بەرز

بوویەوە بۆ (٦١٩٩) کەس، کە بەرزترین ژمارەی بوو. دوای ئەو ساڵە، وردە وردە ژمارەیان ڕووی لەکەمی کرد کە لە هێزێکی کەمی ئەسپ سوارەی عەرەبەوە گۆڕانی بەسەر داهات لە ژمارە و ئەرک و گرنگییەکان و شێوازی ڕێکخستندا (براون، ٢٠٠٦: ١٥)، دواتر پێکهاتەی جۆراو جۆری نەتەوەیی کە لەوڵاتی عێراقی تازە دروستکراو بوون و لەڕەگەزی کورد وتورکمان و ئێزدی وئاشوری پێکهاتبوون لەو هێزەدا ڕێکخران ورۆڵیان پێدرا (احمد، ٣٧: ١٩٨٧). بەڵام لەساڵانی دواتر هێزی لیڤی وەکو هێزێکی تایبەت بە ئاشورییەکان دەمێنێتەوە (براون، ٢٠٠٦: ١٦) و لەو ئاشوریانە پێکدێت کە کۆچیان لەناوچەی هەکاری کوردستانی تورکیاوە کردبوو و لەبەر فشارە سیاسییەکانی دەوڵەتی عوسمانی ڕایان کردبوو و بەرەو عێراق هاتبوون، و لەلایەن بەریتانیاوە لەناوچەی دیالە و دواتر لەموسڵ وناوچەکانی تری باشوری کوردستان نیشتەجێ کرابوون (حبیب، ٢٠١٣: ١٤٥). لە ساڵی (١٩٢٢)دا بارەگای سەرەکییان لە بەغداوە بۆ موسڵ گواسترایەوە (براون، ٢٠٠٦: ١٠٧)، بەمەش چالاکییە هەواڵگری وسەربازییەکانییان لەسەر کوردستان زیاد بوون.

هێزی لیڤی جگە لە ئەرکە سەربازییەکەی کۆمەڵێک کرداری زۆرگرنگی تری جێبەجێ دەکرد، وەکو بەدەستهێنانی کاری هەواڵگری بە مەستی هاوکاری بەریتانیا، بەشداری کردن لەو هێرشانەی بەریتانیا کە لە ناوەوەی عێراق پێی هەڵدەستا، جێبەجێکردنی کرداری گرتن و دەست بەسەرداگرتن لەژێر فەرمانی دەسەڵاتی بەریتانیا، بەشداریکردن لە چەند هێرشێکی دژ بە دانیشتوانی عێراقی کە دژ بە دەسەڵاتی بەریتانیا بوون، کاری

پاراستنی بارەگا تایبەتەکانی هێزەکانی بەریتانیا و پاراستنی ڕێگاکانی بەیەکگەیشتن و نێردراوەکانی نێوان ئەفسەر و یەکەکانی بەریتانیا کە ئەمانە هەمووی لە ئەرک و کارە ڕاسپێردراوەکانی هێزی لیڤی بوون شان بە شانی ئەرکە سەربازییەکانی ئەو هێزەدا (حبیب، ٢٠١٣: ١٤٦).

بەریتانیا هێزەکانی لیڤی لەچەند یەکەیەکدا و بەسەر چەند ناوچەیەکی عێراقدا دابەش کرد کە بریتی بوو لە (٣) یەکەی سەربازی و بارەگای سەرەکی تێدا دامەزراند بە شێوەیەک کە ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمانی هەریەک لە بەرپرسی یەکەمی بەریتانیا لەناوچەکە و ئەفسەرێکی پشکنەری بەریتانی و سەرۆکی بەڕێوەبەرایەتی خۆجێی بوون و ئەوان سەرپەرشت و چاودێربوون بەسەریانەوە بەم شێوەیە:

١-بارەگای هێزی (أ) لە حیللە

٢-بارەگای هێزی (ب) لە بەغدا

٣-بارەگای هێزی(ج) لە موسڵ (براون، ٢٠٠٦: ٤٨).

دواتر ئەم هێزە بەهۆی زیاد بوونی ژمارەی یەکەکانی لە شار و شارۆچکەکانی عێراق و باشوری کوردستان دابەشکرا و یەکەی پێویستییان لەناوەندی هەر شارێکدا دامەزراند، وەک هێزی لیڤی لە دلێم (رومادی) و شامییە و ناسریە و بەغداد و عمارە و خانەقین و کوت و سلێمانی و موسل و کەرکوک و بەسرە (حبیب، ٢٠١٣: ١٤٩).

هێزەکانی لیڤی لەنێوان ساڵانی (١٩١٥-١٩٢٥)، زیاتر هەست و لایەنگری خێل و پێکهاتە جیاوازەکانی نزیک لە خۆیان هەبوو بۆ

نمونە بەشدار بووانی (عەرەب و کورد و تورکمان و ئاشوری) کە لە هەمـان هێـز کۆببـوونەوە، شـێوازی ڕێکخسـتنیان زیـاتر مـۆرکی نـاوچەگەری پێوە دیاربوو بە شێوەیەک کاتێک کە خەڵکی سلێمانی یـان کەرکـوک لەو یەکەیە ڕێکـدەخران و لە نـاوچەی سـلێمانی و کەرکوک دەمانەوە، هەر لەو ناوچەیە ئەرکی سەربازیان لەناو هێزی لیڤی بەجێ دەگەیاند و ئەمەش لە هەموو شار و ناوچەکانی عێراقدا ڕەنگی دابـووەوە (حبیب، ٢٠١٣: ١٤٨)، ئەوەی جێگـای باسـە هێـزی لیڤـی لە سـاڵی ١٩١٥ تـا سـاڵی ١٩٣٢ لە بـوونی عێراق بە ئەنـدام لە کـۆمەڵەی گەلان ڕۆڵێکـی کـاریگەری لە ناوچەکـانی عێـراق و کوردسـتاندا هەبـوو، بەڵام دواتـر تـێکەڵ بە یەکە سـەربازییەکانی عێراقی کرا و ڕۆڵ و کاریگەرییان وردە وردە کەم بووەوە (حبیب، ٢٠١٣: ١٥١)، تـاوەکو لە کۆتاییـدا ئەم هێـزە هەڵوەشـایەوە و تـێکەڵ بەهێـزی ئاسـمانی عێراقی کرا و بارودۆخی ئاشـوورییەکانیش وەکو پێویست نەما و بەرەو ناهەمواری رۆشت و ئەو ئاواتەی هەوڵیان بۆ دەدا بە ئامـانج نەگەیشـت و بـوونە قوربـانی بەرژەوەنـدییە سیاسییەکانی بەریتانیا (هاملتن، ٢٠١٣: ٢٩٢).

## ڕۆڵی هێزەکانی لیڤی لە ڕەواندز و دەوروبەری

بەدیـارکەوتنی هێـزی لیڤـی لە نـاوچەی ڕەوانـدزدا هاوکـات بـوو لەگەڵ ئەو بارودۆخەی لەناوچەکەدا بوونی هەبوو، بەتـایبەتی دوای دەرکردنی هێزەکانی بەریتانیا لە ڕەواندز، هاتنی  ئەو هێزە تورکەی کە (ئۆزدەمیرپاشا)[1] سەرکردایەتی دەکرد، کە لەسەر داوای بەشێکی زۆری خەڵکـی نـاوچەکە بەرەو باشـوری کوردسـتان دەهـات و لە ڕەوانـدز جێگیـر دەبـوون(تەقی، ١٩٧٠: ٤٥)، ئەو ڕووداوە وای کـرد تورکیـا ببێـتە مەترسـییەکی گەورە بـۆ سـەر باشـوری کوردسـتان و

هەوڵی داگیرکردنی تەواوی ویلایەتی موسڵ بدات و بەرنامەڕێژی داگیرکردنی ناوچەکانی گەرمیان و حەمرین و بەعقوبەش بدات (باوەڕ، ٢٠٠٠: ٣٤)، ئەمەش وای لەبەریتانیا کرد بەهەر جۆرێک بێت هەموو هەوڵێک بخاتە گەڕ بۆئەوەی ڕەواندز لە ژێر دەسەڵاتی تورکیا دەربهێنێ و بۆ ئەم مەبەستەش وێڕای هێزەکانی بەریتانیا، یەکێک لەو هێزانەی کە متمانەی پێکرا و و بۆ دەرکردنی هێزی تورکیا لە ڕەواندز بەکارهێنرا هێزی لیڤی بوو کە زۆرینەیان لە ئاشورییەکان پێکهاتبوون (لاین، ٢٠٠٧: ١٣٠-١٣٣).

پێش دەرکردنی هێزەکانی تورکیا لە ڕەواندز (سەید تەهای نەهری) بە هاوکاری (سمکۆی شکاک) لەگەڵ بەریتانیەکان ڕێک کەوت و بە بەشداری (١٥٠) چەکداری چەند خێڵێک هەوڵی سەندنەوەی ڕەواندز و دەوروبەری دا کە هێزی تورکەکان لەڕەواندز بە سەرکردایەتی ئۆزدەمیر پاشا دەربکرێ، بەڵام سەرەڕای ئەوەی سەید تەهای نەهری سەرکەوتنی تەواوی لەو شەڕانە بەدەست نەهێنا، کە زۆری باران بارین فاکتەری سەرەکی بوو بەریتانییەکان کەوتنە هەوڵی ئەوەی کە سەید تەهای نەهری بە هاوبەشی لەگەڵ شێخ مەحمودی بەرزنجی بۆ دەرکردنی هێزەکانی تورک لەباشوری کوردستان بەشداربکەن، بە تایبەتی ئەم هەوڵە لەلایەن مێجەر نوئێلەوە بوو و ئەو پرۆژەیەی سەید تەها و ئەفسەرانی بەریتانی ناوی لێنرا (ڕاوڵش)و نوئێل و ئیدمۆندسیش بوونە راوێژکاری سید تەها (ئێدمۆندس، ٢٠٠٤: ٣٧٤-٣٧٣). یەکێک لەو خێڵانەی کە جێگای هیوای سەید تەها و بەریتانییەکان بوو هۆزی هەرکی بوون، بەڵام وەکو پێویست سودییان لێوەرنەگیرا و نەچوونە ژێر باری تەواوی داخوازی سید تەها و بۆیە لەسەر داوای

ناوبراو، مێجر نوئێل هێزەکانی ئاسمانی بەریتانیای بەکارهێنا بۆ بۆردومان کردنی هۆزی هەرکی (لاین، ٢٠٠٧: ١١٥)، لەبەر کۆمەڵێک هۆکاری سروشتی و خودی ئەو پرۆژەییەی راوڵش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا (مەلا، ٢٠١٦: ٢٠٣). هەر لەو کاتەشدا ئۆزدەمیر توانی زیرەکانە شێخ مەحمود بۆلای تورکەکان رابکێشێت و سەرکەوتووش بوو لە رێکەوتنی لەگەڵ شێخ مەحموود و دوورخستنەوەی لە بەریتانییەکان (هۆمەر، ٢٠٠٦: ٧٤). بەمجۆرە بارودۆخەکە بەرەو خراپی رۆشت و بۆیە دەبوایە بەهەر جۆرێک بێت بەریتانیا دەست بەسەر ڕەواندزدا بگرێتەوە.

دوای ئەو رێکەوتنەی نێوان ئۆزدەمیرپاشا و شێخ مەحمود بەرزنجی لەمانگی ئاداردا، هێرشی گرتنەوەی ڕەواندز دەستی پێکرد. ئەو هێزەی تێیدا بەشدار بوون لە دوو سوپا پێکهاتبوون، سوپای یەکەم کە هەموویان بەریتانی بوون بە سەرکردایەتی کۆلۆنیال ڤینسنت (Con.Vinsent) بوو کە ئەرکی پاککردنەوەی بەرەی کۆیە بوو، تاوەکو دەگەیشتە ڕانیە و پشدەر بە مەبەستی وەدەرنانی گروپەکانی تورک و لایەنگرانی تورک لە ناوچەکە لەوانە: (عەباس مەحمود ئاغا)[٢] کە لایەنگیری خۆی بۆ ڕاپەرینی رەواندز ڕاگەیاندبوو دژی دەسەڵاتی بەریتانیا (لاین، ٢٠٠٧: ١٣٦)، دواتر ئەو هێزە بەرەو بالیسان کشا بەمەبەستی گەیشتنیان بەسوپای دوو بەسەرکردایەتی کۆلۆنیال دوبین (Con.Dobbin) کە فەرماندەی هێزی لیڤی بوو. ئەوسوپایە پێکهاتەی تەواویان هێزی لیڤی بوون و ناوەندی جوڵەیان لەهەولێرەوە بۆ شاخی سپیلک و دۆڵی ڕەواندز بوو (براون، ٢٠٠٦: ١٠٩). هێزێکی تریش بە سەرکردایەتی کۆلۆنیال مینت ( Con.Menet)لە بەتالیۆنی چوارەمی لیڤی لەگەڵ چەند

دەســـتەییەکی هێــزی پشــتیوانی و بەتــالیۆنی دووەم و ســێیەم لە موسڵەوە بەرەو هەولێر هاتن و لە(٥)ی نیسـان گەیشـتنە هەولێر کە ژمارەیــان (٢٤٨٢) بــوو و بەشــداریان لە ئۆپەراســیۆنی گــرتنەوەی ڕەواندزدا کرد (براون، ٢٠٠٦: ١٠٩). لە هەمـان کاتدا، هێزێکـی (٤٠٠) سەربازیی لە موسڵەوە بەڕێگای ئاکرێدا گەیشتە سەر زێی گەورە کە لە ئاشـوری و نەسـتوری پێکهـاتبوون بەمەبەسـتی پەڕینەوە بەرەو دەشتی هەریر و گەیشتن بە شاخی سپیلک. تەنها ئەو هێزەی کە لە شـەقڵاوە لەلایەن بەریتانییەکان ئامادە کرابوو بە (١٥٠٠) سـەربازی لیڤی مەزەنـدە دەکرا (تەقی، ١٩٧٠: ٦٠). کرۆکی باسـەکەمان هێزی لیڤیــیە کە لە بەرەی ســپیلک ڕووبەڕووی بەرگرییەکــی ســەخت و دژوار دەبێــتەوە، لەو هێرشــەدا فەرمانــدەی عەمەلیــاتی ئاســمانی بەریتانی بەشدارییەکی کارا دەکات و بە تایبەتی لە شاخی سپیلک لە ڕۆژانی (١٧و١٨) ی نیسـان بۆردومـانێکی سـەخت دەکات و زیـانێکی زۆر بە یــاخیبوانی ڕەوانــدز دەگەیەنێــت (ئیدمۆنــدس، ٢٠٠٤: ١١٠). دوای گەیشتنی هەردوو هێز بەیەکتری بەرەو ڕەواندز جووڵە دەکەن و ڕووبەڕووی بەرگرییەکــی کەم دەبــنەوە، هێزەکــانی لیڤــی بەر لە سـوپای بەریتانییەکـان دەگەنە نـاو ڕەوانـدز (لایـن، ٢٠٠٧: ١٣٣) و لە (٢٠)ی نیسانی (١٩٢٣) تورکەکان و هێزە ڕاپەڕیوەکان ڕەواندز چۆڵ دەکەن. لە (٢٢)ی نیسـانی (١٩٢٣) بە یەکجـاری نـاوچەی ڕەوانـدز بە جێدەهێڵن و بە ڕێگای ئێران بەرەو تورکیا دەگەڕێنەوە (مەلا، ٢٠١٦: ٢٠٨). لە ئەنجامی ئەو هێرشەی هێزە بەریتانییەکان و هێزی لیڤی و هێزەکانی سەید تەها، بەشێک لە خەڵکی ناوچەکەی شاری ڕەواندز و دەوروبەری لەترســی بەریتانییەکــان بەرەو ســنورەکانی ئێــران و تورکیـا ڕادەکەن (مەلا، ٢٠١٦: ٢٠٩). هەر لە (٢٢)ی نیسـانی هەمـان

ساڵ مەفرەزەیەکی لیڤی بە مەبەستی گەڕان بەدوای تورکەکان دا دەچن تاوەکو دەگەنە گوندی (کانیەڕەش)[3] نزیک سنوری تورکیا بە مەبەستی دڵنیا بوون لە هەڵاتنی تورکەکان لە ناوچەکەدا (لاین، ٢٠٠٧: ١٣٣).

## هەوڵی نیشتەجێکردنی ئاشورییەکان لە ڕەواندز و ناوچەکە

دوای گرتنەوەی قەزای ڕەواندز لەلایەن بەریتانییەکان، ڕاستەوخۆ سێرهنری دۆبس کۆمیسێری باڵای بەریتانیا لەعێراق دوای وەرگرتنی ڕەزامەندی سەرۆک وەزیرانی عێراق و گفتوگۆکردن لەگەڵ (ئیدموندیس و مس بێل) ڕاوێژکارانی حاکمی سیاسی بەریتانیا لە عێراق، بڕیاریدا سەید تەهای نەهری بە قایمقامی ڕەواندز دابمەزرێنێت، هەرچەندە (مس بێل) سەبارەت بە دانانی سەید تەها ئاماژە بەوە دەکات کە هەندێک لە ڕاوێژکارە بەریتانییەکان سەرنج و تێبینیان هەبووە لەکاردانەوەی خەڵکی ناوچەی ڕەواندز بەرامبەر بەم کارە، چونکە سەید تەها خۆشەویست نەبووە لەلایەن خەڵکی ناوچەی ڕەواندزدا و باوەڕ بەوە ناکرێت سەید تەها بەردەوام بێت و ئەوەش زۆر گرنگ نیە، چونکە خەڵکەکە هەرخۆیان دەری دەکەن ئەو کات ئێمەش بادەدەینەوە سەر بەرنامەیەکی تر. مس بێل دەڵێت: "بەڵام دوو مانگمان بەفیڕۆ دەچێت لەگەڵ خەم و ئازارێکی زۆر کە دەبوو خۆمانی لێ بپارێزین" (بێل، ٢٠١٦: ٢١٥).

بۆ جێگیرکردنی دەسەڵاتەکەی سەید تەها و جێبەجێکردنی سیاسەتی بەریتانییەکان هێزێکی سەربازی کە پێکهاتبوو لە بەتالیۆنێکی هێزی لیڤی خرابووە بەردەست سەید تەهای نەهری

تاوەکو کاروباری کارگێری دابمەزرێنێ و ئەو هێزە لیڤیە ئاسورییە پاڵپشتی لێبکەن (حمدي، ١٩٩١: ١٧١)، ئەمەش یەکەم هەنگاوی بەریتانیا بوو لەدوای دەرکردنی هێزەکانی تورک و لایەنگرانی لە ڕەواندز و بۆ گەیشتن بەمەرامە سیاسییەکانی، هەر بۆ ئەم مەبەستە چەند هێز و بەتالیۆنێکی سەربازی کە هەموویان لیڤی بوون لە ڕەواندز و دەشتی دیانا نیشتەجێ کرد و هێزێکی تریش لە بەتالیۆنی چوارەم لە (کانی وەتمان)ی نزیک خەلیفان نیشتەجێ کرد و فەرماندە (دۆبین) لە ڕەواندز مایەوە. هەروەها شوێنی نیشتنەوەی فرۆکە لە دیانا دروست کرا (براون، ٢٠٠٦: ١١٠) و لە تەنیشت فڕۆکەخانەش کەمپی هێزی لیڤی بەشێوەیەکی زۆر تۆکمە دروست کرا و بۆ پاراستنی بەتەڵ دەورەی گیردرا، و زۆر لە ئەفسەرە بەریتانییەکان لەو کەمپەدا نیشتەجێ بوون (هاملتن، ٢٠١٣: ١٢٠). دوای بەرقەرار کردنی ئاسایش وگەڕانەوەی ئارامی، قۆناغی نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکانی بەدوا داهات، هەروەکو بەریتانییەکان بەڵێنیان دابوو کە قەوارەیەکی سیاسی لەسەر خاکی کوردستان دروست بکەن. لەوکاتەدا گرنگییەکی زۆر بە ڕەواندز و دەوەروبەری دەدرا و بەتایبەتی لەلایەنی هێمنی و ئارامییەوە، کە بۆ لیوای هەولێر و تەنانەت بۆ تەواوی ویلایەتی موسڵیش دەبووە هۆکارێکی گرنگی ئاسایش و هێمنی لە ناوچەکەدا (لاین، ٢٠٠٧: ١٤٥).

لەدوای گرتنەوی ڕەواندز هێزیکی دوو هەزار و پێنج سەد کەسی دەخەنە بەردەستی سەید تەها، کە زۆربەیان لەهێزی لیڤی و ئاشورییەکان بوون، بێگومان ئەو هێزەی کە لە ڕەواندز و دەوروبەری جێگیرکران بەتایبەتی ئاشورییەکان، خانەوادە وخێزانی خۆیان لەگەڵ بوو ئەمەش بووە سەرەتایەک بۆنیشتەجێکردنی

ئاشـــورییەکان  لەدیانـــادا و دواتـــر بـــووە گونـــدێکی تـــایبەت بە ئاشورییەکان کە لە تەنیشت کەمپی هێزی لیڤیدا بوو، ئەو زەویـانەی ئاشورییەکانی لەسەر نشتەجێکران زەویەکانی (سـەعید بەگی کوڕی عەوڵاپاشـا)[4] ی ڕەواندزی بـوون (هـاملتن، ٢٠١٣: ١٢٣). ئیسـماعیل بەگی کوڕی لەبەرامبەر کرێیەکی زۆرکەم هەموو گوندەکانی خۆی دابـووە ئاشـورییەکان، ئەمەش بـۆ ئەوەی لەبەرامـبەردا دەسـتکەوتی سیاسـی بەدەسـت بهێنێـت (چیـاووک، ٢٠٠٨: ١٤٠). بـۆیە دەبینـین لە ئایندەدا گوندە تـازە دروسـتکراوەکەی دیانـا دەبێتە هیـوای دواڕۆژی ئاشورییەکان و وەکو مەڵبەندێکی سـەرەکی لە بۆ ژیـانی داهاتوویـانی لێـدەڕوانن وەکـو جێگـرەوەیەک بـۆ شارسـتانییە کۆنەکەیـان کە ئیمڕاتـۆرییەتی ئاشـورییەکان بـوو و پایتەختەشـییان نەیـنەوا بـوو (هاملتن، ٢٠١٣: ٢٩٤).

پاش جێگیرکردنـی هێزەکـانی لیڤی لەنـاوچەکە و بە فەرمانـدەیی نەقیـب (لیتیلـدل) بەبیـانۆی هاوکـاری سـوپای تورکیـا هێرشـیانکردە سەرگوندەکانی دەوروبەری ڕەواندز و هەر لە جوندیانەوە دەسـتیان بەسوتاندن و تاڵان کردنی گوندەکانەوە کرد تاوەکو درێژ دەبووەوە بۆ ئاورێژگەی رووباری (ڕووکوچک) کەتێدا چەند گوندێکیان سوتاند لەوانە: گوندەکانی (بادلیان، بالەکیان، هاودیان، سرێشمە وخەلیفـان و دەربەندەکەی) و چەندین گوندی تر لەناوچەی هەریر و باتاسیش کە پێشـتر پشـتیوانییان لەو سـوپایە کردبـوو لەکـاتی گەڕانەوی سـوپای تورکیـا بـۆ ڕەوانـدز. مەبەسـتی هێـزی لیڤـی لەژێـر سـەرکردایەتی ئەفسەرانی بەریتانیا لەبنەڕەتدا بۆئەوە بوو کە خەڵکی ئەو گوندانە، ناوچەکانی خۆیان لە ژێر زەبرو هێزی ئەو سـوپاییە بەجێ بهێڵن و گوندەکانیان چۆڵ بکەن و ئاشورییەکان و هێزی لیڤی گونـدی تـازەی

ئاشوری لەو شوێنانە دروست بکەن و پڕۆژە سیاسییەکەی خۆیان جێبەجێ بکەن کە پێکهێنانی ناوچەیەکی ئۆتۆنۆمی تایبەت بە ئاشوورییەکان لەزێدی کوردستاندا بوو (چیاووک، ٢٠٠٨: ٧٥).

دوای پڕۆژەی نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان لە دیانا، ناوچەی برادۆستیش[٥] لەکارنامەی بەریتانییەکاندا دەبێت، هەوڵ دەدرێت ئاشوورییەکان لەناوچەی (بەرازگر)ی سەر بە برادۆست نیشتەجێ بکرێت بەتایبەتی کە ئەو ناوچەیە بە شوێنێکی گونجاو دادەنرا بۆ نیشتەجێکردنی ئاشوورییەکان ئەمەش دوای ئەوەی بەریتانیا پاشگەز بوەوە لەو بەڵێنەی کە دابووی بە ئاشوورییەکان بەگەڕاندنەوەیان بۆ ناوچەی هەکاری لە باکوری کوردستان بەتایبەتی پاشگەزبوونەوەکە لەدوای چارەسەری کێشەی موسڵدا هات کە لەساڵی (١٩٢٥)بەعێراقەوە لکێندرا، بۆیە دەبینین لەساڵی (١٩٢٦) لیژنەیەک لە شارەزایانی بەریتانی و عێراقی سەردانی ناوچەی برادۆست دەکەن کە ئامانجیان نیشتەجێکردنی نزیکەی (٥٠٠) خێزانی ئاشوورییەکان بوو لەو ناوچەیە، دەیانویست بە زووترین کات ئەو پڕۆژەیە جێبەجێ بکەن، بەڵام ئەو شوێنەی لەناوچەی برادۆست بۆ نیشتەجێ کردنی ئاشوورییەکان دیاری کرابوو لەلایەن ئاشوورییەکان ڕەزامەندی لەسەر نەدرا بەبیانوی ئەوەی  ناوچەی برادۆست شوێنێکی دابڕاوە و لەهەمان کاتدا ترس هەیە ببێتە ئامانجی پەلاماردانیان لەلایەن هەریەکە لە خێڵە کوردییەکان و هێرشی تورکەکان (براون، ٢٠٠٦: ١٩٨). و لەهەمان کاتدا ئاشوورییەکان لەنێوان خۆیان ڕێک نەکەوتن لەسەر دابەش کردنی زەویەکانی ناوچەی برادۆست کە بۆیان دانرابوو (هۆمەر، ٢٠٠٨: ٩٨). هەرچەندە(نەقیب فاورکیر) لەلایەن نوێنەری مەندوبی سامییەوە راسپێردرابوو بۆ خستنە بواری

جێبەجێ کردنی پرۆژی نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان لەناوچەکانی هەریری نزیک ڕەواندز، بەڵام نەیتوانی بڕوا بە ئاشورییەکان بهێنێت بۆ نیشتەجێ کردنیان لەناوچەی برادۆست، هەرچەندە پڕۆژەی نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکان لەناوچەکانی دهۆک و ئاکرێ و ئامێدی لەساڵی (١٩٢٨) جێبەجێ کرا، بەڵام لەناوچەی برادۆست بەهۆی هەڵوێستی ئاشورییەکان دواخرا و تەنها (٤٠) خێزان ڕەزامەندییان دەربڕیبوو، ئەمەش جێبەجێ نەکرا و نەقیب فاورکیر سەرکەوتوو نەبوو لە جێبەجێ کردنی پلانەکەدا (بروان، ٢٠٠٦: ١٩٨).

هەرچەندە بۆ یارمەتی جێبەجێ کردنی ئەو پلانە لە مانگی ئابی (١٩٣٢)تیپێک لە بەتالیۆنی دووەمی هێزی لیڤی لە دیانا گەیشتبووە گوندی هارونە[٦]، بەڵام ئەو خێزانە ئاشورییانە نەگەیشتن و لە تشرینی دووەمی هەمان ساڵدا تیپەکەی هێزی لیڤی لە هارونەوە گەڕایەوە دیانا و پەیوەندی بە بەتالیۆنی دووەمەوە کردەوە. دەکرێت بارودۆخی نیشتەجێبونی ئاشورییەکان زیاتر بەربەستی بۆدروست بوبێت بەهۆی ئەوەی (شێخ ئەحمەد)ی بارزان پڕۆژەی نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکانی بە مەترسی لەسەر دەسەڵاتی خۆی دەزانی و دژایەتی نیشتەجێ کردنی ئاشورییەکانی دەکرد (هۆمەر، ٢٠٠٨: ٩٧) و ناکۆکی و بەیەکدا هەڵچونی هەردوو هۆزی برادۆست بەسەرۆکایەتی (شێخ رەشیدی لۆلان)[٧] و بارزانیەکان بە سەرۆکایەتی( شێخ ئەحمەدی بارزان)ی هۆکارێکی تر بوو بۆ شکستپێهێنانی ئەم پڕۆژەیە.

## هێرشی (سەید تەها) بۆ سەر نەیارەکانی لەباکوری ڕۆژئاوای ڕەواندز بە هاوکاری هێزی لیڤی

لەماوەی دەسەڵاتی سەید تەها لە قایمقامیەتی ڕەواندز(١٩٢٣-١٩٢٩)دا، سەرەڕای ئەنجامدانی چەند کارێک لە بواری کارگێڕی لە ناوچەکەدا و بە تایبەتی لە ناوەندی قەزای ڕەواندزدا کە دەرەنجامێکی باشی هەبوو لەسەر هاوڵاتیان، بەڵام لەبەر ئەوەی لە هەڵسوکەوتیدا مۆرکێکی خێڵەکی پێوە دیار بوو، نەیتوانی لە ماوەی حوکمڕانیدا هاوسەنگی لەنێوان هەموو پێکهاتەکانی ڕەواندز ودەوروبەری رابگرێت. لەو ماوەیەی کە دەسەڵاتدار بوو لە هەندێک سەرچاوە مێژوویەکان و گێڕانەوەی پێشینان بەدیار دەکەوێت کەسەید تەها دەسەڵاتە خۆجییەکەی بەکار هێناوە بۆ قۆرخ کردنی موڵک و سامانی خەڵکانێکی تر یان زۆر جار ویستویەتی دەست بەسەر پاوان و کوێستانەکانی خێڵ و هۆزەکانی ناوچەی ڕەواندزدا بگرێت، بێگومان ئەم خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتەی کاردانەوەی هەبوو لەلایەن هەندێک هۆز و کەسایەتی و بنەماڵەی ناوچەکەدا.

یەکێک لە کێشە وگرفتەکانی بەردەم سەید تەها لە گەڵ ئەحمەد بەگی بەگۆکی برای ( یوسف بەگ)[٨] بوو، چونکە هەر دوای بوونی سەید تەها بە قایمەقامی ڕەواندز پەیوەندییان هەندێ کات باش و هەندێک جاری تر خراپ بووە، ئەو هێڵە گشتیانەی ببوونە مایەی ململانێی نێوانیان دەسەڵاتە فراوانخوازیەکەی سەید تەها بوو، کە ئەحمەد بەگی بەگۆک لە ناوچەکەدا ڕووبەڕوی بووەوە، پێی وابووسەید تەها پیاوی تایبەتی بەریتانیایە، هەر بۆیە داوای لێکرد کە نابێت کار لەگەڵ بەریتانییەکان بکات، کەچی سەید تەها پاساوی ئەوەی هێنایەوە کە بەرژەوەندی کوردستان لەگەڵ بەریتانیادایە

(مەلا، ٢٠١٦: ٢٣٠). دەكرێت ئەمە هۆكارێك بێت كە بووە هۆی تێكچوونی پەیوەندی سەید تەها لەگەڵ ئەحمەد بەگ، چونكە ئەو دوژمنی بەریتانییەكان بوو بە هۆی كوژرانی یوسف بەگی برای لەساڵی (١٩١٩) لەلایەن بەریتانییەكانەوە (هێی، 1973: ١٥-٢٢). هەروەها هۆكاری تریش كاریگەری لەسەر پەیوەندی نێوانیان هەبوو، لەوانە پەیوەندی ئەحمەد بەگ لەگەڵ شێخ ئەحمەدی بارزانی كە پەیوەندییەكی تۆكمە بوو، بەردەوام یارمەتی و هاوكاری لەنێوان شێخ ئەحمەدی بارزانی و ئەحمەد بەگی بەگۆكدا هەبوو كە ئەمەش هۆكارێكی گرنگ بوو بۆ ئەوەی شێخ ئەحمەد بتوانێت دەسەڵاتی بەرەو ناوچەی ڕەواندز بكشێنێت (پێ ڕەش، ١٩٨٦: ٣٧-٣٨). هەروەها فاكتەرێكی تر هەروەك لەتیف یەحیا بەگ یەكێك لە شایەتحاڵەكانی ڕووداوەكانی ناوچەكە باسی دەكات و دەڵێت: *"هۆیەكی تریش كردەوەكانی سەید تەها لەناوچەكە بەتایبەتی كە چاوی بڕیبووە كوێستانەكانی هۆرنەی باڵەكیان دەیویست دەستی بەسەر دابگرێت"*،(چاوپێكەوتن لەگەڵ لەتیف یحیی بەگ٢٠١٦/٤/٢٢، سۆران) و لەلایەكی تریشەوە بەڵگەنامەی بەریتانییەكان كە براكانی یوسف بەگ لە هەریەكە لە ڕەشید بەگ و بەگۆك بە پیلانگێڕ و لایەنگر و هاوكاری توركەكان لەناوچەكەدا تاوانبار دەكەن (مەزهەر، ٢٠٠٩: ١١٩-١٢٠).

ئەم هۆكارانەی ئاماژەیان پێكرا بوونەتە فاكتەری تێكچونی پەیوەندییەكانیان، جگە لە ئەحمەد بەگی بەگۆك كەسایەتێكی تری دیاری ناوچەكەش گرفتی لەگەڵ سەید تەهادا هەبووە و ڕكابەرایەتی سەید تەهای نەهری كردووە، ئەویش (سلێمان بەگی دەرگەڵەیی)[٩] بووە (دەرگەڵەیی، ٢٠١٥: ٤١-٤٢). هەروەها لەتیف یەحیا بەگ

دەڵێت: "هەریەک لە ئەحمەد بەگی بەگۆک و سلێمان بەگ بوونە هاوپەیمانی یەکتر دژی سەید تەها و هێزیان لە گوندەکانی باکوری رۆژئاوای ڕەواندز کۆکردەوە بەمەبەستی دانانی سنورێک بۆ دەسەڵاتەکانی سەید تەها(چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف یحیی بەگ٢٢ /٢٠١٦/٤، سۆران).

دەرەنجامی ئەم ڕەوشەی لەئارادابوو، بوو بە هۆی ئەوەی سەید تەها بیر لە بژاردەی سەربازی بکاتەوە و هێز بەکار بهێنێت بۆ سەرکوت کردنی نەیارانی کە مەترسی بووە بۆ سەر دەسەڵاتەکەی و بەرژەوەندی بەریتانیا لەناوچەکەدا، هەر بۆیە لەکۆتایی ساڵی (١٩٢٦) هێرش دەکاتە سەر بنکەی سەرەکی هێزەکانی ئەحمەد بەگی بەگۆک. لەم پەلامارەدا کۆمەڵێک هێزی جیا جیا بەکاردەهێنێت، لەوانە هەریەکە لە بەتالیۆنی دووەمی هێزی لیڤی کە پێکهاتەی سەرەکی ئەم هێزە ئاشورییەکان بوون و بارەگای سەرەکییان لە دیانا بوو، بەشدارییەکی کارا لەو ئۆپەراسیۆنە دەکەن (براون، ٢٠٠٦: ١٦٤). (جی کیلبرت براون)یش هەر سەبارەت بەو پرسە جەخت لەسەر ڕاستی روداوەکە دەکاتەوە و ئاماژە دەکات بە ڕوداوێک کە لیڤییەکان پێوەی سەرقاڵ بوونە و ئەویش لە نزیک ڕەواندز لە کۆتایی ساڵی (١٩٢٦) ڕویداوە، کە ئەوکات سەرهەنگی دووەم "کامیرۆن" لەگەڵ بەتالیۆنی دووەمی هێزی لیڤی لە دیانادا بووە، و قایمەقامی ڕەواندز سەید تەهای نەهری کە یەکێک لە سەرکردەکانی کورد بووە دەیویست سەرکردەیەکی تری کورد بەناوی (ئەحمەد بەگۆک) لەو ناوە دەستگیر بکات، بە فەرمانێک لەلایەن هێزی ئاسمانییەوە فەرمان بۆ کامیرۆن دەرچوو کە هاوکاری بکات (براون، ٢٠٠٦: ١٦٤). هەروەکو لەتیف یەحیا بەگ دەڵێت: *"ئەو هێرشەی*

*سەید تەها بەدوو ئاراستە بووە. هێزی تایبەتی سەید تەها و هەرکی وشکاک وشەمزینی لە قۆلی ڕەواندز- دیانا- بادلیان- موسەکاوە بووە، کەڕاستەوخۆ لە ڕەواندزەوە بە ئاراستەی باکور بەرەو بادلیان- موسەکاوە بووە، هەرچی هێزی لیڤی بوو بە ئاراستەی باڵەکیان – هاودیان- بەرەو کەونەگوند جوڵەیان کردوە بۆئەوەی لە ڕۆژئاوادا هێزەکانی ئەحمەد بەگی بەگۆک گەمارۆ بدەن و دەستگیریان بکەن"* (چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف یحیی بەگ٢٠١٦/٤/٢٢، سۆران). بڕوانە نەخشەی ڕێرەوکەی لیڤی و هێزەکانی سەید تەها .

ئەو کردە سەربازییەی سەید تەها بە ئەنجامی گەیاند دژی ئەحمەد بەگی بەگۆک زۆر بەنهێنی بە هاوبەشی هێزی لیڤی ئەنجامدراوە، دەبوو لەگەڵ بەیانی (٨) کانونی یەکەمی (١٩٢٦) دەست بگرن بەسەر ئەو گوندەی بەگۆک و هێزەکەی تێدا بەدی دەکران و چواردەوری بگرن کە گوندی موسەکاوە بووە، دوای ئەوەی کامیرۆن ڕۆژی پێشتر دەچێتە دەرەوە دەبوو هەموو هۆکارەکانی چوونە دەرەوە و گەڕانەوەی لە باکور و ڕۆژئاوا گەمارۆ دابا (براون، ٢٠٠٦: ١٦٤)، بۆ ئەوەی بتوانن دەست بەسەر بارۆدۆخی ئەو ناوچەیەدا دابگرن.

لە ئەنجامدا بەیەکدادانی چەکداری لە نێوان هێزەکانی سەید تەها و ئەحمەد بەگدا لەناو گوندی موسەکاوە ڕوودەدا، ئەو شەوەی هێرشەکەی تێدا ئەنجامدرا شەوێکی زستانی زۆرسارد بووە و بەفرێکی زۆر باریبووە، دوای شەڕێکی چەند کاتژمێری سەید تەها و هێزی لیڤی سەرکەوتوو نابن لە دەستگیرکردنی ئەحمەد بەگی بەگۆک و دەربازی دەبێت (براون، ٢٠٠٦: ١٦٤)، لەگەڵ چەکدارەکانی بەرەو ناوچەی بارزان پاشەکشە دەکەن و پەنا بۆ شێخ ئەحمەدی

بـارزانی دەبـات. دوای ئەوەی پشـێوییەکە لە ڕۆژئـاوای ڕەوانـدز لەلایەن هێزی لیڤی کۆنترۆلکرا، هێزی لیڤی لەو شـەڕەدا بریندارێکی دەبێت (پـێ ڕەش، ١٩٨٦: ٣٧-٣٨). لەتیـف یەحیـا بەگ دەڵێـت: *"لە هەمان کاتدا دوو لە چەکدارانی ئەحمەد بەگی بەگۆک دەکوژرێن و دوای دەسـت گـرتن بەسـەر گونـدی موسـەکاوە لەلایەن هێزەکـانی سـەید تەهـا کەپێکهاتبوون لەهەرکی وشکاک و شـەمزینی و گـاردی تـایبەتی سـەید تەهـا دەست دەکەن بە ئـازاردانی کەسانی مەدەنـی و لەگەڵ تـاڵان کردنـی تەواوی کەڵـوپەل و مـاڵ وسـامانی خەڵکـی ناوچەکە و ماڵ وسامانی ئەحمەد بەگی بەگۆک"* (چاوپێکەوتن لەگەڵ لەتیف یحیی بەگ٢٠١٦/٤/٢٢، سۆران).

بەکارهێنـانی ئەو هەمـوو هێـزە زۆرە لەلایەن سـەید تەهـای قایمقـامی ڕەوانـدز مەبەسـتی ئەوە بـووە بەزووتـرین کـات بـارودۆخ چـارە بکـات و کـاردانەوەی تونـدی سـەربازی لێنەکەوێتەوە، چـونکە ناوچەکە نزیک بووە لە دەڤەری بارزان و ئەگەر بەرگرییەکەی یاخی بـووان بەرامـبەر پەلامـارەکەی سـەید تەهـا و هێـزی لیڤـی بەردەوام بووایە پشتگیریەکی زۆری لەناوچەکە بەدەسـت دەهێنا بەتـایبەتی کە دەزانرا پەیوەندییەکی بەرچاو لەنێوان ئەحمەد بەگی بەگۆک و شێخ ئەحمەدی بارزاندا هەبووە.

**هێرشکردن بۆ سەر ناوچەی بارزان بە بەشداریی هێزی لیڤی:**

دوای ئەوەی هێزەکـانی دەوڵەت توانیـان بـارودۆخ لەنـاوچەی سلێمانی و ڕەواندز هێور بکەنەوە و تاڕادەیەک سـەرکەوتن بەسـەر نەیـارانی بەریتانیـادا بەدەسـت بێـنن، بەهـۆی زیـاد بـوونی چـالاکی جموجـۆڵی شـێخ ئەحـمەد لە نـاوچەی بـارزان بڕیـار درا کۆتـایی

پێبهێنرێت چونکه بارودۆخێکی هەستیاری خولقاندبوو. دەسەڵات و هێز و توانای شێخ ئەحمەد بەرەو هەڵکشان دەچوو و مەترسی لەسەر بەرژەوەندی حکومەتی بەریتانیا و حکومەتی عێراق دروست کردبوو (یاسین، ٢٠١٥: ١٤٣).

ناوچەی بارزانیش بەهەمان شێوەی ناوچەکانی ئامێدی و ڕەواندز و برادۆست لەچوارچێوەی ئەو پڕۆژەیەی بەریتانییەکان بوو کە دەبوو هاوڵاتی کورد لە گوندەکانیان دەربکرێن و ئاشورییەکانی تێدا نیشتەجێ بکرێن (چیاووک، ٢٠٠٨:76-77).

پەیوەندییەکانی شێخ ئەحمەد هەر لە زووەوە لەگەڵ دەسەڵاتدارانی عێراق و بەریتانییەکان خراپ بوو، هەرچەندە دەسەڵاتدارانی عێراق نەیاندەویست خۆیان لە قەرەی جموجۆڵەکانی شێخ ئەحمەد بدەن، هەر بۆیە وازیان لێهێنابوو تاوەکو زۆرێک لە سەرۆک هۆزەکانی تری کورد لەناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا فەرمانڕەوایی گوندەکانی خۆیان بکەن، شێخ ئەحمەد بە کردەوە جۆرە دەسەڵاتێکی نیمچە سەربەخۆی لە ناوچەکەیدا هەبوو. دوای ئەوەی ساڵی (١٩٢٧) دەوڵەت ویستی چەند بنکەیەک لەناوچەکەدا دابنێت و دەڤەرەکە بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ئەمە بەدڵی شێخ ئەحمەد نەبوو (مەکداول، ٢٠٠٥: ٢٧٩)، بەڵام بۆ یەکەم جار دەوڵەت هێزی لیڤی بەکارهێنا بۆئەوەی دەسەڵات بەسەر ناوچەی بارزاندا بسەپێنێت و باری کارگێری لەو ناوچەیەدا ڕێکبخرێت. لە ئۆپەراسیۆنێکی سەربازیدا دوو هێزی جیاوازی لیڤی بەکارهێنران، هێزی یەکەم پێی دەوترا (دیکۆل) و بەسەرکردایەتی سەرهەنگی دووەم (کامیرۆن) کە پێکهاتبوو لە تیپێکی بەتالیۆنی دووەم لەگەڵ یەک کەرتی ڕەشاش لە دیانەوە بەرەو ناوچەی بارزان جوڵەی پێکرا

(بــراون، ٢٠٠٦: ١٨٠)، هێــزی دووەم کە لە ئــاکرێ کــۆ ببــونەوە پێکهاتبوو لە تیپێک لە هێزی لیڤی و کەرتێکی ڕەشاش کە ناسرابوو بە (ئاقکول)، پۆلی ژمارە (٦) هێزی هەوایی پاشایەتی بەڕێوەی دەبرد و هەریەک لە ســەرتیپ (لیتلــدێل) کە ئەفســەری پشــکنین بــوو لە پۆلیســی موســڵ و هــاوەڵەکەی ســەرهەنگ (بــڕاون) فەرمانــدەی ئۆپەراسیۆنەکە بوون، ئەم ئۆپەراسیۆنە لە ١٢ی حوزەیرانی (١٩٢٧) دەستی پێکرد، بەڵام هەر لە١٣ی حوزەیران زانرا شێخ ئەحمەد هیچ بەرگــری و بەرەنگــارییەکی نەکــردووە (بــراون، ٢٠٠٦: ١٨٠). بەم شێوەیە بۆ یەکەم جار سوپاکان چوون بۆ ناوچەی بارزان و بنکەی پۆلیســیان لە بلــێ دامەزرانــد، دوای جێبەجێکردنــی کارەکانیــان هێزەکانی لیڤی لە ١٩ی حوزەیران گەڕانەوە بۆ شوێنەکانیان (براون، ٢٠٠٦: ١٨٠).

کێشەکانی نێوان  سەرۆک هۆزەکان لە ناوچەکاندا فاکتەرێکی تر بـووە لە لاوازبوونیـان بەرامـبەر هێزکـانی لیڤـی و عێـراق، بـۆ نمـونە کێشــەی نێـوان شـێخ ئەحـمەد بـارزانی و شـێخ رەشـیدی لـۆلان کە ئەنجامەکەی بووە هۆی هێرشکردن بۆ سەر گوندەکانی شێخ رەشید لەلایەن بارزانیەکــان، ئەمەش بیــانۆی دایە دەســت دەســەڵاتدارانی عێراق کە ڕێگری لە فراوانخوازیەکانی شێخ ئەحمەد بکەن (الحاج، ١٩٨٥: ١١٩)، ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە ئەو ململانێیە عەشایری وهەستیارە ئـاینییەی کە شـێخ ئەحـمەدی پـێ تۆمەتبـاردەکرا گـوایە باوەڕی بەئایینی نوێی هەبووە کە لەناوچەی بارزان سـەری هەڵداوە (الحــاج، ١٩٨٥: ١١٩)، ئەمەش زیــاتر لەکــاری ئــاژاوەگێڕی بــوو کە گومان دەکرا دەسەڵاتدارانی عێراق دەستیان لەو ئاژاوەیەدا هەبوبێت، ئەحمەد خـواجە ئەو بۆچـوونەی پشـت ڕاسـت کـردۆتەوە ئامـاژە بـۆ

بەریتانیەکان دەکات کە هەوڵی تێکدانی داوە بەتایبەتی کابتن لاین کە لە شـــارۆچکەی دیانـــا دانیشـــتوە هەوڵـــی تێکـــدانی نێـــوان هـــۆزە کوردیەکـانی داوە بەتـایبەتی نێـوان شـێخ ئەحـمەد بـارزانی و شـێخ رەشیدی لۆلان، ئەمەش لەلایەنی ئایینی پشێوییان دروست کردووە (خواجە، ٢٠١٣: ٣٠٠).

لەلایەکـی تریشـەوە پشـتگیری بەریتانییەکـان بـۆ ئاشـوورییەکان لەڕادەبەدەر بووە، کە هەوڵی نیشتەجێکردنی لەناوچە کوردنشـینەکان داوە و ڕۆڵێکی کاریگەری هەبووە لە سەرهەڵدانی پشێوی لەناوچەی بارزان، ئەو پشێویەش بەردەوام بووە تاوەکو سـاڵی (١٩٣٢) (الحـاج، ١٩٨٥: ١١٩).

دوای ئەو ئۆپەراسیۆنانە هێزی لیڤی ڕۆڵی جارانی نەما، ئەمەش کاتێک دەوڵەتـی عێراقـی بـووە ئەنـدام لە کـۆمەڵەی گەلان، ئینتیـدابی بەریتـانی لەســەر عێـراق کۆتـایی هـات، سیاســەتی بەریتانییەکـان بەرامـبەر ئاشـوورییەکان گـۆڕانی بەسـەردا داهـات، ئەو بەڵێنـانەی بە ئاشوورییەکان درابوو نەچووە بواری جێبەجێ کردنەوە، هێزی لیڤی عێراقیش تێکەل بەهێزەکانی تری سوپای عێراقی کران و بەتـایبەت فەرمانـــدەی هێـــزی هەوایـــی عێراقـــی (بـــراون، ٢٠٠٦: ١٩٠-١٩٢)، هەرچەنـدە کاردانەوەی توند لەلایەن ئاشـوورییەکانەوە دروست بـوو بەرامـبەر سیاســەتی بەریتانیـا بەرامـبەر ئاشـوورییەکان بەڵام هـیچ ئەنجامێکیـــان دەســـت نەکەوت، هەر بەم هـــۆیەش لەلایەن ســـوپای عێراقی لەناوچەی سێمێل لە ٧ی ئابی (١٩٣٣) هێرشیان کرایە سـەر و زۆرێــک لە ئاشــوورییەکان بەدەســتی ســوپای عێراقــی کــوژران (حەمەدەمین، ٢٠١٠: ١٢٠)

## ئەنجام

لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی زانیارییە مێژووییەکان لەسەر چالاکییە سەربازییەکانی هێزی لیڤی عێراقی لەناوچەی ڕەواندز و لە بیستەکانی سەدەی بیستەمدا ئەم ئەنجامانەی خوارەوەمان بۆ بەرجەستە دەبن:

- هێزی لیڤی عێراقی بە سەرپەرشتی ئەفسەرە بەریتانییەکان رۆڵێکی سەرەکی بینی لە سەرکوت کردن و دامرکاندنەوەی جوڵانەوە چەکدارەکانی کوردستان دژی حکومەتی بەریتانیا کە ئەو جوڵانەوە چەکداریانە دژی بەرژەوەندییە سیاسی و سەربازییەکانی بەریتانیا وەستا بوونەوە.
- هێزی لیڤی عێراقی رۆڵێکی سەرەکی بینی لە گرتنەوەی ڕەواندز، دوای ئەوەی بزووتنەوەیەکی چەکداری میللی لەناوچەکە دژی دەسەڵاتی بەریتانیا ڕاپەڕی و دەسەڵاتی بەریتانییەکانی لەم ناوچەیە دوور خستەوە، بەریتانیەکان بەشێوەیەکی سەرەکی بۆ گرتنەوەی ڕەواندز لەژێر دەستی تورکەکان و هێزە چەکدارە هاوپەیمانەکانی پشتیان بە هێزی لیڤی عێراقی بەست و توانیان لە نیسانی سالی (١٩٢٣) ڕەواندز بگرنەوە.
- رۆڵی هێزی لیڤی عێراقی لە دوای گرتنەوەی ڕەواندز زیاتر پەرەی سەند، بەتایبەتی ئەو هێزە بەشێوەیەکی سەرەکی بەکار هات بۆ سەرکوت کردن و لەناوبردنی هەر جموجۆڵێکی چەکداری و دەنگێکی نەیار لە دژی دەسەڵاتدارانی ناوچەکە، و هەندێکجاریش ئەم هێزە بەکار هات بۆ پاراستنی بەرژەوەندی کەسی و بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی ناوچەکەدا.

- دوای ئەوەی نەستوری و ئاسورییەکان لەناوچەی ڕەواندز و برادۆست و هەریر و بارزان نیشتەجێ کران و گوندییان بۆ ئاوەدانکرانەوە، پاراستن و بەرگری کردن لەو گوندە نەستوریانە کەوتە ئەستۆی هێزی لیڤی عێراقی و بە هەموو شێوەیەک پارێزگارییان لە دانیشتوانەکەی دەکرد، مۆڵگەی سەرەکی هێزەکەیان لەنزیک گوندە نەستوورییەکان ئاوەدانکردەوە و بەردەوام چاودێر و پارێزەرییان بوون و لەهەمان کاتدا بەشێکی سەرەکی ئەم هێزە دانیشتوانی ئەو گوندانە بوون.

## پەراوێز

(١) ئۆزدەمیرپاشا: ناوی عەلی شەفیق بوو بەڕەگەز لە چەرکەسیەکانی میسری بوو ئەفسەرێکی بەتوانای تورک و لایەنگیری مستەفا کەمال ئەتاتورک بوو لە حوزەیرانی ساڵی ١٩٢٢ نێردراوەتە رەواندز (باوەڕ،٢٠٠٠: ١٥).

(٢) عەباس مەحمود ئاغا: یەکیک بوو لە کەسایەتییە دیارەکانی پشدەر و خاوەن زەوی و زارێکی زۆری ناوچەی پشدەر بووە، لایەنگری شۆرشی شێخ مەحمودی بەرزنجی بووە، بەربەرەکانێی بەریتانییەکانی دەکرد (لاین، ٢٠٠٧: ١٠٦).

(٣) کانیەڕەش گوندێکە کەوتۆتە ناوچەی برادۆست لەنزیک سنوری تورکیا.

(٤) سەعید بەگ کوڕی عەولا پاشای کوڕی بەکربەگی کوڕی بایز بەگی باپشتی یە، بایز بەگ مامی میر محمد پاشای گەورەی رەواندزی بووە، سەعید بەگ کەسێکی دەسەڵاتدار و دەوڵەمەندی ناوچەکە بووە، بەڵام دواتر بەر لە هاتنی بەریتانییەکان بۆ ناوچەکە لە ساڵی ١٩١٨دا کوژراوە (هۆمەر، ٢٠٠٦: ٢٨).

(٥) برادۆست ناحیەیەکە سەر بەقەزای ڕواندز بووە، هاوسنوور بووە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی ئێران و تورکیا و ناوەندی ناحیە لەگوندی سیدەکان بووە کە دەکەوێتە ناوچە چیاییە سەخت و سەرنج ڕاکێشەکان. برادۆست بەمانای هاوڕێ و برا دەگەیەنێ و ناوەندی عەشیرەتی برادۆستە. لەو ناوچەیە جگە لە برادۆستییەکان هەریەکە لەهۆزەکانی پیرەسنی و رەواندۆک وخواکورکی نیشتەجێن، هەروەها لەو ناوچەیە هێز و دەسەڵاتی شێخایەتی شێخ ڕەشیدی لۆلان پەرەی سەندبوو (سەجادی،٢٠٠٥: ١٥٢).

(٦) گوندی هاڕونە دەکەوێتە باکوری رۆژئاوای ناحیەی سیدەکانی ئێستا لەنزیک سنوری تورکیا.

(٧) شێخ رەشید لۆلان: سەرکردەیەکی گرنگی دەروێشەکانی نەقشەبەندی بووە، بنکەی سەرەکییان لە گوندی لۆلانی ناوچەی برادۆست بووە (جویدە، ٢٠١٣: ٦٥٥).

(٨) یوسف بەگ یان وسو بەگ سەرۆکی هۆزی ناودەشتی ڕواندز بووە، یەکێک بووە لە نەوەکانی بنەماڵەی میرانی سۆران، زاوای حاجی نەورۆزە فەندی رەواندزی بووە، کەسێکی چالاک وگورجوگۆل بووە، سەری بۆهیچ کەسێک دانەنواندوە. لەگەڵ هاتنی بەریتانیا لەلایەن مێجەر نوئێل کراوە بەدەسەلاتداری ناوچەکانی دەوروبەری رەواندز، دەسەڵاتێکی زۆری لەناوچەکەدا پەیدا کردوە، بەڵام دواتر نێوانی لەگەڵ ئەفسەرانی ئینگلیز تێکچووە. لەگەڵ هاتنی دەبلیۆ ئار هێی جێگری حاکمی سیاسی بەریتانیا لە هەولێر بۆ ڕواندز لە دۆخێکی گوماناویدا لەلایەن (کابتن هێی) جێگری حاکمی سیاسی لەهەولێر کوژراوە و تەرمەکەی لەکانی وەتمانی نزیک خەلیفان دۆزراوەتەوە. کابتن هێی جێگری حاکمی سیاسی لە هەولێر یوسف بەگی بەکەسێکی زۆرترسناک لەسەر دەسەڵاتی بەریتانادا دادەنێت (هـي، 1973: 15-22)؛ (دەرگەڵەیی، ٢٠١٥:٤١-٤٢).

(٩) سلێمان بەگ دەرگەڵەیی لەسالی ١٩٠٢ لەگوندی دەرگەڵە لەدایک بووە، لە نەوەکانی بنەماڵەی میرانی سۆرانە، یەکێک بووە لەو کوردانەی لە باشوری کوردستان پەیوەندی بە کۆماری کوردستان لەساڵی ١٩٤٦ لەشاری

مەهابادەوە کردووە، لەساڵی ١٩٤٧ لەگەڵ بارزانییەکان دەچێتە یەکێتی سۆڤیەت لەساڵی ١٩٥٩ دەگەڕێتەوە کوردستان و لە دەرگەڵە نیشتەجێ دەبێت، لەساڵی ١٩٦٣ دەبێتە پێشمەرگە لە شۆڕشی کوردستان، لەساڵی ١٩٧٤ کۆچی دوایی کردووە (دەرگەلەیی،٢٠١٥: ٢٥).

## سەرچاوەکان

### أ: سەرچاوە کوردییەکان:


- باوەڕ، ئەحمەد(٢٠٠٠)، کورد و ئۆزدەمیر، سلێمانی، وەزارەتی ڕۆشنبیری.
- تەقی، جەلال (١٩٧٠)، ئەحمەد تەقی لە یاداشتەکانی دا، (چاپخانەی سلمان ألاعظمي)، بەغداد.
- چیاووک، مەعروف (٢٠٠٨)، کارەساتی (بارزان)ی زوڵملێکراو، و: ئەبوبەکر ساڵح ئیسماعیل، هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی.
- حەمەدەمین، ئەحمەد (٢٠١٠)، چەند لاپەڕەیەک لەمێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق، هەولێر، دەزگای توێژینەوە و بڵاوکردنەوی موکریانی.
- خواجە، ئەحمەد (٢٠١٣)، چیم دی، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.
- دەرگەڵەیی، مەلا ئەحمەد حەداد (٢٠١٥)، ڕواندز- باڵەک- برادۆست.
- سەجادی، عەلائەدین (٢٠٠٥)، شۆرشەکانی کورد و کورد و کۆماری عێراق، چاپی دووەم، تەهران، ئەتڵەس چاپ.

- کەمال مەزهەر (٢٠٠٩)، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنیەکانی حوکمەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، ئامادەکردن: عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری، چاپی دووەم، لوبنان، گرین – گالۆری.

- لاین،کاپتن(٢٠٠٧)، کورد و عەرەب و بەریتانییەکان، بیرەوەریەکانی لەمەڕ ڕووداوەکانی باشوری کوردستان ١٩١٩–١٩٢٩، وەرگێڕانی لە ئینگلیزی: یاسین سەردەشتی، سلێمانی، چاپخانەی سیما.

- محەمەد حەمەساڵح تۆفیق، (٢٠١٦)، کورد لە نامەکانی مس بێڵ دا، وەرگێر لەئینگلیزیەوە: محمد حەمە ساڵەح تۆفیق، ناوەندی مێژوویی جەمیل ڕۆژبەیانی، سلێمانی.

- مەکداول، دیڤید (٢٠٠٥)، مێژووی هاوچەرخی کورد، وەرگێرانی لە فارسیەوە: ئەبوبەکر خۆشناو، چاپی دووەم، هەولێر، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە.

- مەلا، ڕێبین سەعید (٢٠١٦)، سەید تەهای نەهری، هەولێر، ئەکادیمیای کوردی.

- هاملتن، م. (٢٠١٣)، ڕێگایەک بە کوردستاندا، و: د.عەلی عەبدولڕەحمان عەسکەری، خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە.

- هۆمەر، ئەحمەد حەمەمەدەمین (٢٠٠٦) ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژویی- سیاسی (1918-1939)، سلێمانی، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیژی کوردستان.

- ئیدمۆندس، سیسیل جۆن (٢٠٠٤)، کورد تورک عەرەب، و: حامید گەوهەری، چاپی دووەم، هەولێر، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

**ب: سەرچاوە عەرەبییەکان:**

- أبرم شبيرا، قوات الليفي العراقية في الوثائق البريطانية، للمزيد المعلومات انظربريد الاكتروني أرسل في 18-10- 2010 (www.ankawa.com).

- احمد، كمال مظهر (١٩٨٧)، دورالشعب الكردي في الثورة العشرين، المطبعة الحوادث، بغداد.

- براون، العميد جي. كيلبرت (٢٠٠٦)، قوات الليفي العراقية 1915-1932، الترجمة: د.مؤيد ابراهيم الونداوي، السليمانية، بنكەی ژین.

- پێ ڕەش (١٩٨٦)، العراق دوله بالعنف، شوێنی چاپ، مطبوعات كردولوجيا.

- پێ رەش، (١٩٨٦)، العراق دولة بالعنف، مطبوعات كردولوجيا، رقم(2).

- جويده، وديع (٢٠١٣)، الحركة القومية الكردية نشأتها وتطورها، الناشران: دارالفارابي، بيروت، دار اراس، اربيل.

- الحاج، د. عزيز (١٩٨٥)، القضية الكردية في العشرينات، الطبعة الثانية، بغداد، مؤسسة العربية للدراسات والنشر.

- حبيب، د.كاظم (٢٠١٣)، لمحات من عراق القرن العشرين (بداية الاحتلال البريطاني للعراق ونهاية الانتداب 1914- 1932)، الجزء الاول، مطبعة اراس، اربيل.

- هي، دبليو .أر. (1973)، سنتان فى كردستان 1918-1920، ترجمة: فواد جميل، الجزء الثاني، بغداد، دار الحائظ.

- ياسين طه، د.ياسين(حزيران 2015)، قوات الليفي عهد الانتداب البريطاني على العراق بين عامي 1921-1932، مجلة كلية الاداب، جامعة البصرة، عدد(18).

**ج: چاوپێکەوتن:**

- یەحیا بەگ بادلی، لەتیف، چاوپێکەوتن،(٢٢ی نیسانی ٢٠١٦).

## نەخشەی هێرشی (سەید تەها) بۆ سەر نەیارەکانی لەباکوری ڕۆژئاوای ڕەواندز بە هاوکاری هێزی لیڤی



**الملخص**

تشكلت قوات الليفي في العراق عام (1915) أحتفاضاً للمصالح البريطانية في العراق، كانت القوات الليفي تحت قيادة الضباط البريطانين وتستلم أوامرمنهم. في بداية تشكيل هذه القوات شاركت فيها المكونات العراقية الاساسية منها الكورد والعرب ولكن مع مرورالوقت تقلصت هذه المكونات حيث أصبح الأشوريين عنصر أساسي لقوات الليفي، كما أن تغييرمهامهم وواجباتهم.

تتكون هذا البحث بعنوان (دور القوات الليفية العراقية في فرض السياسة البريطانية في راوندز ( 1921 -1932) محاولة في إبراز دور هذه القوات في منطقة راوندز وضواحيها، لان هذه المناطق كانت مسرحاً للصراع بين دولة تركيا الحديثة والقوات البريطانية، حيث كانت لقوات الليفي دوراً بارزاً في طرد جماعة أوزدميرباشا في راوندز و بعد ذلك أصبحت لهذه القوات دوراًعسكرياً بارزاً في هذه المنطقة. شاركت هذه القوات في اخماد الحركات السياسية المناوئة للحكماء العراقيين والقوات البريطانية في منطقة راوندز وتوابعها، كما شاركت في إنهاء المشكلات الاجتماعية من قبل الوحدة الادارية في راوندزواستمر دور هذه القوات في تلك المنطقة لحين إنتهاء دورهم في عام (1932).

من خلال دراسة هذا البحث يظهر ان السلطات في منطقة راوندز استخدمت القوات الليفية للمصالح الشخصية والخاصة وإخماد تلك الاصوات التي تظهر ضدهم من مواطن تلك المنطقة.

## Abstract

Iraqi Levi Forces was established in early 1915 by Britain Officers in order to carry out British interests in Iraq. The forces were only getting permission and decisions from British Officers. At the first the force established by different structures in Iraq, but later on changed according to their rights and duties.

The central purpose of this study is to analyze (the role of Iraqi Levi force to carry out their policy in Rawanduzbetween (1921-1932). It is worth to examine it, because Iraqi Levi Force played a crucial role in ending Turkish and British conflict interests in Rawanduz. Thus, the force played an important role to remove Turkish forces and their local supporters in the area. Their role was continuing even after removal of the Turkish force in the region. That's why the region was the main military basement. They did many military activities in the line of British interests in the region. They acted as a guardian of British interests in the region. For instance, if there were any obstacles or military threats against British interest, the force was used to respond and remove them. Moreover, the force used evento get personal interests by local administration likes solving social problems in the area. Their presence and activity were continued until the end of 1932, when British authority ended their role.

In conclusion, the local authority in Rwandiz used Iraqi Levi Forces not only to achieve British interests in the region but they also were used to get local community leaders, personal interests